# سوثاسنامة بؤ هاوري و دؤستانم بة بؤنةي كؤضي دوايي دايكي ئازيزمةوة

**گیان لەدەستدانی دایکی ئازیزم کارەساتێکی گەورەو خەمێکی پڕ لە ناسۆر بوو بۆ من، وە بۆشاییەکی گەورە، گەورە بە ئەندازەی گەورەیی و میهرەبانی خۆی لە دڵ و دەرونی مندا بەجێهێلا، من پێم وانییە خۆشەویستی دایك و باوك سنورێکی هەبێ و بە گەورەبوون ، خێزان پێکەونان و دورکەوتنەوە، یان بە هیچ شتێکی تر ئەو سۆزو خۆشەویستییە کاڵ و کەم بێتەوە. وەك چۆن لە تەمەنی منالێدا مرۆڤ پێویستی بەنازو خۆشەویستی دایك هەیە، بۆ منێکی تەمەن 42 ساڵ خۆشەویستی دایکم وەك ئەو ساتەوەختەی منالێم وابوو، وە هەمیشە پێویستم بە نازو خۆشەویستی دایکم هەبوو. ئەگەر چی دوربووم لەو، بەلاّم ئەو دوورەیەم هێندەی تر ئەو پەیوەندی کوڕ و دایکایەتیەی نزیك تر دەکردەوەو بۆ ساتەوەختێکیش لەبیرم نەدەچووەوە و بە تەلەفۆن لەپەیوەندییەکی بەردەوامدا بووم لەگەڵیدا، لەگەڵ هەر تەلەفۆن و قسەکردنێکدا بە سۆزو خۆشەویستییەك کە دایکم هەیبوو بۆم، وە بە قسە خۆشەکانی دالْخۆش دەبووم و خەمی دوریم دەڕەویەوە.**

**لەم خەمە گەورەیەمەدا من بە تەنها نەبووم و هاوڕێیان و دۆستانێك لە پەنامدا راوەستان و بۆ ماوەیەك دەوریان چۆڵ نەکردم، ئەمە جگە لەوەی لەماوەی چەند ڕۆژی ڕابردووداو تا ئەم ساتەش بە بەردەوام ئازیزان و دۆستانێك کە تازە هەواڵی گیان لەدەستدانی دایکمیان بیستووە، لە وولاّتە جیاجیاکانەوە بەپەرۆشەوە چ بە تەلەفۆن و چ بە ئیمەیل، هاوبەشی خەمم بوون ، هەموو ئەمانە کۆمەکی زۆر گەورەیان کرد و دەوریان بینی لە کەم کردنەوەی غەم و نارەحەتی و دڵتەنگیم ، لە هەمان کاتدا پەیوەندی بەردەوامی دۆستان و ئازیزانم بوو کە من بتوانم لەبەرامبەر ئەم کۆستە گەورەیەدا ڕاوەستم و بەرگری بکەم، وە بە ناچاری قبوڵی بکەم کە دایکم لە ژیاندا نەماو گیانی لە دەستدا، بەلاّم بۆهەمیشە لە دڵی مندا زیندوو.**

**هەر بۆیە لێرەوە لە قولاّیی دڵمەوە سوپاس و تەقدیری بێپایانم بۆ هەموو ئەو هاوڕێ و دۆست و ئازیزانەم دەنێرم کە هاوپەشی خەمیان کردم ، سوپاس بۆ هاوکاریکردن و لێپرسینەوەیان.**

**بەسلاّوو سوپاسی دووبارەم**


**شێرزاد فاتح**

**بەرپرسی سەنتەری منالاّن ـ سوید**

**تلفون:** 0046735715449

Sherzad_f@yahoo.com